اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ

له ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وازی لە ووتنی ئەم نزایانە نەدەهێنا لە کاتی هاتنی بەیانی وهاتنی ئێوارەدا: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ فِي دِينِي وَدُنْيَايَ وَأَهْلِي وَمَالِي، اللَّهُمَّ اسْتُرْ عَوْرَتِي -أَوِ: عَوْرَاتِي- وَآمِنْ رَوْعَاتِي، اللَّهُمَّ احْفَظْنِي مِنْ بَيْنِ يَدَيَّ، وَمِنْ خَلْفِي، وَعَنْ يَمِينِي، وَعَنْ شِمَالِي، وَمِنْ فَوْقِي، وَأَعُوذُ بِعَظَمَتِكَ أَنْ أُغْتَالَ مِنْ تَحْتِي»، واته: «خودایە داوای سەلامەت بوون وعافیەتت لێدەکەم لە دونیا وقیامەتدا، خودایە داوای لێبووردەیی وسەلامەت وعافیەتت لێدەکەم لە ئاین ودونیا وخێزان ومااڵم، خودایە هەڵە وکەموکورتیەکانم بپۆشە وترسەکانم بڕەوێنەوە، ولە پێشەوە وپشتەوە ولراست وچەپ وسەرەوەم بمپارێزە، وپەنا بە گەورەیی تۆ دەگرم لەوەی کە ڕۆ بچم بە ناخی زەویدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والنسائي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەرگیز وازی لەم نزایانە نەدەهێنا لەکاتی هاتنی ئێوارە وبەیانیدا: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَافِيَةَ:خودایە داوای سەلامەت بوون وعافیەتت لێدەکەم)؛سەلامەتبوون لە نەخۆشی وکارەسات وناڕەحەتیەکانی دونیا، هەروەها سەلامەتبوون لە شەهوەت وئارەزوو وفیتنەکانی دونیا، (فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ:لە دونیا وقیامەتدا): لە ئێستا وداهاتوودا. (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَفْوَ:خودایە داوای لێبووردەییت لێدەکەم)؛ سڕینەوەی گوناهەکان ولێنەپرسینەوە سەبارەتیان، (وَالْعَافِيَةَ:و -داوای- سەلامەت وعافیەتت لێدەکەم)؛ سەلامت بوون لە هەموو عەیب وکەموکورتیەك، (فِي دِينِي: لە ئاینەکەم)؛ سەلامەت بێت لە شیرك وبیدعە وتاوان، (وَدُنْيَايَ:ودونیاکەم)؛ سەلامەت بێت لە شەڕ وکارەساتەکان وئازارەکان، (وَأَهْلِي: وخێزانەکەم)؛ هاوسەرەکەم ومنداڵەکانم وخزمەکانم سەلامەت بن، (وَمَالِي:ومااڵەکەم)؛ پارە وسامان وکارەکانم. (اللَّهُمَّ اسْتُرْ عَوْرَاتِي:خودایە هەڵە وکەموکورتیەکانم بپۆشە)؛ وئەو هەڵە وعەیب وکەموکورتی وکەمتەرخەمیانەی لە منداڵ هەن ولە گوناهەکانم خۆش بە، (وَآمِنْ رَوْعَاتِي:وترسەکانم بڕەوێنەوە)؛ لەگەڵ تۆقین وبیمەکانم. (اللَّهُمَّ احْفَظْنِي:خودایە بمپارێزە)؛ وبەڵا وئازارەکانم لێ دوور بخەرەوە، (مِنْ بَيْنِ يَدَيَّ، وَمِنْ خَلْفِي، وَعَنْ يَمِينِي، وَعَنْ شِمَالِي، وَمِنْ فَوْقِي:ولە پێشەوە وپشتەوە ولراست وچەپ وسەرەوە بمپارێزە)؛ داوا لە خوای گەورە دەکات بیپارێزێت لە هەموو ئاراستەکانەوە؛ چونکە بەڵا وکارەساتەکان لە یەکێك لەم ئاراستانەوە تووشی مرۆڤ دەبن . (وَأَعُوذُ بِعَظَمَتِكَ أَنْ أُغْتَالَ مِنْ تَحْتِي:وپەنا بە گەورەیی تۆ دەگرم لەوەی کە ڕۆ بچم بە ناخی زەویدا)؛ ئەمیش بریتیە لە گرتنی لەناکاو وتیاچوون لەکاتی بێ ئاگاییدا؛ ڕۆچوونە بە ناخی زەویدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5485